# پرس

بەکر ئەحمەد

پەنجەرەی ماڵەکەم تۆزدەیگرێ
بۆیە ناچار, هەفتەی جارێک دەیسڕمەوە.
دراوسێکەیشم هەر وەک من.
ئەم پەنجەرانە, ڕۆژان و مانگان وساڵانێک
بە چاوی تۆزاوییەوە لە یەکتری ورددەبنەوە.
ئاخۆ ئەگەر, وشەیان پیا تێپەڕیایە
هەر بۆ جارێک لەبەرانبەر یەکتریدا, خۆیان ئاواڵەکردایە
من و دراوسێی بەرانبەر
لە تۆزسڕینی پەنجەرە ڕزگاردەبووین؟

13.5.1998